

**هەروەکو ژنان خۆیان باسی دەکەن سەرکردە کوردییەکان پێیان باش نییە کە سەرنجی جیهان رابکێشن بەلای خۆیاندا لەبەر نەریتێکی قەوارە بچوك.**

# بۆ کچە کوردەکان، نەریتێکی کۆنی پڕ ئازار

## پرۆسەی بەربڵاوی سوننەتکردنی ئافرەتان لەباکووری عێراق، تیشك دەخاتە سەر ئەو ت
## هەرێمەکە دەبێتەوە، ئەو هەرێمەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەهەرێمێکی پێشکەوتوو

ئا: میت ر. پالێی
هەرێمی کوردستان

لە ئینگلیزییەوە:
شیلان جەلال

(ش.ا.ع) کوردێکی شەرمنی ٧ساڵانە، بەپەلەو بەخۆشحاڵییەوە بەرەو ماڵێکی دراوسێیان برا، دایکی (ش) پەیمانی داوە بە (ش) تا بیبات بۆ ئاهەنگێك، بەڵام لەڕاستیدا هیچ ئاهەنگێك بوونی نییە.

لەجیاتی ئەو ئاهەنگەی کە دایکی پەیمانی بە (ش) دابوو بیبات، ژنێکی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێشوازی لە (ش) کردو هەر کە چووە ژوورەوە دەرگا ژەنگاوییەکەی داخست، (ش)یش سەری سوڕمابوو کە دایکی پێیوت جلەکانی ژێرەوەی دابنێت، پاشان دەستی کرد بە گریان و هاوار، هەروەها هەموو جەستەی لەترسدا دەلەرزی، کاتێ کە گوێزانێکی بەدەستی ئەو مامانەوە بینی.

مامانەکە ناوی خودای هێناو پارچە گۆشتێکی لە ئەندامی زاوزێی ئەم کچە بچکۆلەیە بڕی، ئەمیش لەبەر ئازار هاوارێکی کرد بە جۆرێك هەموو دراوسێکان گوێیان لێبوو، دوای تەواوبوونی ئەم کارە (ش)یان بەرەو ماڵەوە بردەوەو دایکی (ش)یش هەستی بە دڵخۆشییەکی یەکجار زۆر دەکردو شانازی بەم کارەوە دەکرد.

(ع.ح) کە تەمەنی ٣٠ساڵەو ژنی ماڵەوەیە وتی "ئەمە ئەو نەریتەیە کە تایبەتە بە خەڵکی کوردستان و هەموو کەسێك دەزانێت ئەمە مانای چییە، هەرچەندە ئێمە نازانین بۆ ئەم کارە دەکەین، بەڵام هەرگیز وازی لێناهێنین، چونکە ئایینی ئیسلام و گەورەکانمان فەرمانمان پێدەکەن کە ئەم کارە ئەنجام بدەین".

کوردستان تاکە ناوچەیە لەعێراق و یەکێکیشە لەو ناوچە دەگمەنانەی جیهان کە تیایدا پرۆسەی سوننەتکردنی ئافرەت تیایدا بڵاوە، (٦٠٪)ی ژنانی ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق سوننەت کراون، ئەمە بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە ساڵی رابردوو ئەنجامدرا، بەتەنها لەناوچەیەکی کوردنشیندا ٩٠٪ی ژنانی ناوچەکە سوننەت کراون، کە گروپەکانی مافی مرۆڤ ناوی دەبەن بە (Female gent ail mutilation) واتە (تێکدانی ئەندامی زاوزێی مێینە).

ئەم پرۆسەیە رەتکردنەوەی پەرلەمانی کوردی بۆ رێگەگرتن لەم دیاردەیە تیشك دەخاتە سەر ئەم تەنگژەیە کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەم هەرێمە، کە لەچاو پارچەکانی تری عێراقدا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر پێشکەوتووترە، رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان ئاماژە بە زیادبوونی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف و ناموس و دیاردەی خۆکوشتنی ژنان لەم هەرێمە دەدەن وەکو دیاردەیەکی یەکجار بڵاو لەهەرێمەکەدا، سەرەڕای هەوڵەکان بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵکیی لەسەر دیاردەی سوننەتکردنی ئافرەتان و توندوتیژی دژی ژنان.

پەخشان زەنگەنە کە سەرۆکایەتی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان دەکات لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکیدا لەوبارەیەوە وتی "کاتێ کە خەڵکی کوردستان دەجەنگان لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا ژنان بەنهێنی وەکو هێزێکی بەرهەڵستکار بەشدارییان کردووە، بەڵام ئێستا سەربەخۆییمان بەدەستهێناوە، بەڵام بارودۆخی ژنان بەرەو دواوە هەنگاودەنێ و قەبارەی تاوانەکانی دژ بە ژنانیش بچوك دەکرێنەوە".

خاتوو پەخشان فشار دەخاتە سەر حکومەت لەپێناو بەدەستهێنانی یاسایەك کە تایبەت بێت بە ژنان، یاسایەك کە تیایدا ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری سوننەتکردن و کارئاسانی بۆ دەکەن سزابدرێن بەزیندانی کردن بۆ ماوەی ١٠ساڵ و زیاتریش، بەڵام ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە کاری پێنەکرا لەبەرئەوەی هەروەکو ژنان خۆیان باسی دەکەن سەرکردە کوردییەکان پێیان باش نییە کە سەرنجی جیهان رابکێشن بەلای خۆیاندا لەبەر نەریتێکی قەوارە بچوك.

یوسف محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان پێیوایە کە ئەم دۆزە پێویستی بە کاردانەوەی ناوپەرلەمان نییەو وتی "هەموو کێشەیەکی بچوك لەکۆمەڵگادا پێویستی بەوە نییە کە یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت".

دیاردەی سوننەتکردنی ئافرەتان لەناوچە عەرەب نشینەکانی عێراقدا زۆر دەگمەنە بەپێی وتەکانی گروپەکانی ژنان، ئەوان دەڵێن کە ئەمە شتێکی نادیارە تائێستا دەرنەکەوتووە کە بۆچی دیاردەیەك کە لەهەندێ ناوچەی ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەربڵاوە، تەنها گوێزراوەتەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی عێراق و ئەمان پیادەی دەکەن، بەڵام عەرەبەکان لێی بەدوورن.

ئەوانەی کە پشتیوانی لەدیاردەی سوننەتکردنی ئافرەتان دەکەن دەڵێن ئەم دیاردەیە نەریتێکەو لەکۆنەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵە بۆیان ماوەتەوە.

بەپێی وتەی زۆربەی خەڵکیی ئەم دیاردەیە گوایە لە وتەکانی پێغەمبەری خودا (محەمەد)ەوە (د.خ) سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە تەواو راستی ئەم وتانە بووەتە هۆی دروستبوونی مشتومڕێکی زۆر لەنێوان شارەزایانی ئایینی ئیسلام، ئەم دیاردەیە لە رێگەی ژنانەوە وەچە بە وەچە گوازراوەتەوە، پیاوانیش بەشێوەیەکی گشتی هیچ بەشدارییەکیان لەم پرۆسەیەدا نییە، بۆ نموونە لە حاڵەتەکەی (ش)، دایکی بەباوکی (ش)ی راگەیاندووە کە نیازی هەیە کچەکەیان سوننەت بکات، بەڵام بێجگە لەم بەئاگابوونە باوکەکە هیچ رۆڵێکی نەبووە.

ئەو کوردانەی کە پشتگیری لە دیاردەی سوننەتکردنی کچان دەکەن دەڵێن ئەم کارە دوو ئامانجی هەیە:

یەکەمیان کۆنترۆڵکردنی لایەنی سێکسی ژنان و کەمکردنەوەی ئەم ئارەزووە دەکات، دووەمیان دەبێتە هۆی پاککردنەوەی رۆحی، بەمەش کەسانی تر دەتوانن خواردنی دروستکراوی دەستی بخۆن.

(ح.ك) کە ژنێکی تەمەن ٩١ساڵە، تەواو بڕوای خۆی بۆ سوننەتکردنی کچان دەربڕی و لەلێدوانێکیدا وتی "من خواردنی دەستی کەسانێك ناخۆم کە سوننەت نەکرابن".

(ح) لە شارۆچکەی کەلار دەژی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوچەی گەرمیانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و ناوچەکە یەکێکە لەوناوچانەی کە ئەو دیاردەی سوننەتکردنە تیایدا زۆر بڵاوەو ئێستاش لەهەندێك شوێن بەردەوامی هەیە.

(ح) خۆی سوننەتکراوەو هەموو کچەکانی خۆشی سوننەتکردووە، کاتێك پرسیارمان لێکرد کە ئایا کچەزا (١٠) مانگانەکەشی کە ناوی (س)ە سوننەتدەکات؟ (ح) وتی "بەدڵنیاییەوە سوننەتی دەکەین".

ئەوەشی وت کە ئەم کارە بێ ئازارە!! پاشان وتی "تەنها پارچە گۆشتێکی بچکۆلەیە لێی دەبڕێت بەقەدەر بەشی سەرەوەی کلیلێکە" لەو کاتەدا کلیلێکی بەدەستەوەبوو لەسەر کلیلەکە هێمای بە قەبارەی پارچە گۆشتەکە کرد.

گروپەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان لە کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەن لەپێناو گۆڕینی ئەو رایەی کە گوایە ئەم پرۆسەیە بێ ئازارەو ئاینی ئیسلام بەپێویستی دەزانێت.

ئەم گروپانە بە گوندەکان و ناوچە گوندنشینەکاندا دەگەڕێن کە ئەم دیاردەیە تیایدا بەربڵاوە تا ژنان و پیاوانی ئاینی بەئاگابهێننەوە لە زیانە فیزیکی و سایکۆلۆژییەکانی کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە ئەنجامی ئەم کارەوە.

هەروەها شارەزایان و پزیشکانی بواری تەندروستی دەڵێن، ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی تووشکردنی ئافرەتەکە بە چەندین نەخۆشی لەوانە گواستنەوەی نەخۆشی بەهۆی میکرۆبەوە لەڕێگەی بڕینی ئەو پارچە گۆشتەوە، ئازاری درێژخایەن و دروستبوونی مەترسی لەکاتی منداڵبووندا.

ئەوانەی کە ساڵانێکیشە سوننەتکراون، ئاماژە بەئازارەکەی دەدەن، بەجۆرێك هێما بۆ ئەوە دەکەن کە قەد بیریان ناچێتەوەو لەیادیاندایە.



(ش) هێشتا نازانێت چی لێدەکەن



حکومەتی هەرێم مەسەلەی خەتەنەکردن بە شتێکی بچوك ناودەبات



ئایا وەزارەتی تەندروستی ئاگای لەم کارانە هەیە؟



ئازارێك کە تا مردن کچان پێوەی دەناڵێنن



کارێك دەکات لە ئازار زیاتر هیچ بەرهەمی نییە

**یوسف محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان پێیوایە کە ئەم دۆزە پێویستی بە کاردانەوەی ناوپەرلەمان نییەو وتی "هەموو کێشەیەکی بچوك لەکۆمەڵگادا پێویستی بەوە نییە کە یاسایەکی تایەتی بۆ دابنرێت".**

# ...ــــەنگژانەی کە رووبەڕووی ژنانی ... دادەنرێت.



(غ.ش) کچە کوردێکی تەمەن ١٣ ساڵانەو لەشاری هەولێر دەژی، ئەو کچە وتی "ئێستاش کە ئەو رۆژەم بیردێتەوە کە تیایدا سونەتکراوم هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم".

(غ) بەجۆرێك لەگەڵ ئێمەدا دانیشتبوو هەردوو قاچەکانی توند جووت کردبوو بەیەکەوەو دەستەکانی خستبووە سەر کۆشی هەروەکو دەیەوێ خۆی بپارێزێت لەدووبارەکردنەوەی ئەم رووداوە ترسناکەی کە بەمنداڵی بەسەریدا هاتووە.



لەڕاستیدا (غ) هەندێ جار خەو بەو پیرەژنەوە دەبینێ کە سونەتی کردووە، ئەو تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بووە کە دایکی ناردویەتی بۆ دوکان تا (کەرەوز)ی بۆ بکڕێ کە هاتووەتەوە لەگەڵ منداڵی تردا لەحەوشەکەی ماڵی خۆیاندا دایکی دەرگای لەسەر داخستوون.

پاشان (غ) وتی "دەمزانی شتێکی خراپ روودەدات، بەڵام نەمدەزانی لەکوێ ئەم کارە روودەدات، خێزانەکەم دەیانوت مەترسە ئەمە تەنها نەریتێکەو دەبێ هەمووومان بیکەین، منیان لەسەر زەوییەکە پاڵخست، منیش ئەوەی پێمدەکرا بەس هاوارکردنو گریان بوو، ئەوکاتە سەرم سوڕما بوو، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت کە ئەوان دەیانەوێت ئێمە ژیانی ئاسایی خۆمان نەژین".

دایکی (غ) کە بەڕاستی زۆر دڵتەنگ بوو ناوی (ش.ا.ج)ە ژنێکی تەمەن ٣٨ ساڵانە.

ئەو ژنە لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکەمان وتی "من ناچارکرام فشارێکی زۆر خرایەسەرم لەلایەن خزمو کەسوکارمەوە تا ئەم کارە بکەم، من هەڵەیەکی یەکجار گەورەم کردووەو هەروەها ئێستاش کچەکەم هەمیشە هەست بە ئازار دەکات لەناوچەی حەوزیدا، ئێستا ئامۆژگاری کچەکەم دەکەم کە لە داهاتوودا هەرگیز منداڵەکانی سونەت نەکات".

ئەو خاتوونە کە ناوی (ش)ە، هیواشی خواست کە ببێتە کەسێكو لەبواری ژناندا کاربکات بەتایبەت لە بەرەنگاربوونەوەی کاری سونەتکردنی ئافرەتان.

سۆزان فەقێ رەشید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان (نازانرێت یەکێتی ژنانە یان ئافرەتان، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا ژنو ئافرەت یەك وشەیە) وتی "کاتێ کوردەکان دەست دەدەنە شتێك، زۆر بەقورسی دەیگرن، بۆیە ئەمان ئاینی ئیسلامیان زۆر بەتوندی گرتووە لەچاو عەرەبەکاندا".

یەکێك لە پیاوە ئاینییەکان کە وتاربێژی یەکێك لە مزگەوتەکانی کەلارە، مەلا حەمەئەمین عەبدولقادر حسێنە کە سەرۆکی یەکێتی پیاوانی ئاینییە لەگەرمیان، ئەم مەلایە بەنهێنی لەهەندێ لە وتارەکانیدا ئاماژەی بەوەدابوو کە سونەتکردنی کچان پێویستە، بەڵام ئێستا دەڵێت کە سونەتکردنی کارێکی (ئیختیاری)ە، واتە کەوتووەتە سەر خواستی دایكو باوکەکە.

بەڕای مەلا حسێن ئەم وتارەی کاری کردووەتە سەر خەڵكو بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە (١٠٠٪)ەو بۆ (٥٠٪) لەناوچەکەدا.

پاشان وتی "ئەگەر لەم پرۆسەیەدا هەر ئازارێك بە کچەکە بگەیەنرێت ئەوا پێویستە نەکرێت".

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی رێکخراوی (WADI) کە رێکخراوێکی ناحکومیی ئەڵمانییە دژ بە سونەتکردنی ژنان لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا کە لە زیاترلە ٣٠٠ گوندی کوردستاندا بەجێیانهێنا بۆیان دەرکەوت کە (٦٢٪)ی ژنانی ئەو ناوچانە سونەتکراون.

لە دوزخورماتوو (م.ج) ئەم ژنە بەناوبانگە لە سونەتکردنی کچاندا، ژنێکی ٤٠ ساڵەو چەناگەی چەند خاڵێکی کوتراوی سەوزی پێوەبوو.

ئەو ئەم کارەی لە دایکییەوە فێربووە کە وەختی خۆی بێ بەرانبەر کردوویەتی، بەڵام ئێستا (م) بەبڕی (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار ئەم کارە دەکات کە دەکاتە نزیکەی (٤) دۆلاری ئەمەریکی، ئەو بۆیە ئەم کارە بەپارە دەکات، چونکە هاوسەرەکەی پەککەوتەیەو ناتوانێت بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا هەر ساڵێك نزیکەی (٣٠) کچی سونەتکردووە.

ئەو رۆژەی کە (ش)ی سونەت کرد پارچە گوێنییەکی راخست تا کارەکەی لەسەر ئەنجام بدات، لە ژوورەکەیدا تفەنگێك بە دیواری ژوورەوەی ژوورە تاریکەکەوە هەڵواسرابوو، کاتێ (ش) چووە ژوورەوە دایکیو مامانەکەو ژنێکی تریش ئەم کچە بچکۆلەیەیان لەسەر کورسییەك دانا مامانەکە بەمادەیەکی پاکژکەرەوە ناوچەی حەوزی پاککردەوەو پاشان دەرزییەکی (لیگنۆکاینو ئەنێسشێتیك)ی لێدا، منداڵی کۆڵانەکەشی لەپەنجەرەکەوە بەدزییەوە سەیریان دەکرد تا بزانن ئەم دەنگەدەنگو قیژەقیژە لەبەرچییە.

دایکی (ش)یش خێرا خێرا بەهێواشی دەیوت (هیچ نییە، هیچ نییە، تەواو!!).

کچە بچوکەکە قیژەیەکی گەورەی کرد ویستی پانتۆڵەکەی لەپێ بکاتەوەو رابکات بەدەستەکانی، بەڵام مامانەکە خێرا کۆنترۆڵی کردو نەیهێشت.

پاشان دەستی کرد بە خوێندنی دوعایەكو ئینجا سونەتی کرد وە یەکسەر پارچە لۆکەیەکی خستە سەر برینەکە، ئەم هەموو کارە تەنها (١٠) خولەکی پێچوو، لەماڵەوە (ش) لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتووەو ناتوانێ زۆر بجولێتو زۆریش قسە بکات، لە تەنیشتییەوە شیرینیو بیبسییان بۆ داناوە، بەڵام بێجگە لە دەربڕینی ئازار هیچی تر ناڵێت.

کاتێ کە پرسیارمان لێکرد کە ئایا ئەم نەشتەرگەرییەی کە بۆیان کرد ئەوە دەهێنێت تا هاوڕێکانو دراوسێکانی بتوانن خواردنی دەستی بخۆن؟ وتی "هەمووشتێك دەکەم بەس ئەم ئازارەم لەکۆڵ ببێتەوە تەنانەت ئەگەر بە نەخواردنی خواردنی دەستیشم بێت، من یەك هیوام هەیە کە بگەڕێمەوە شێوەی جارانی خۆم پێش ئەوەی وام لێبکەن".

**وێنەکان ئەندرا بورس و نیان ئەحمەد و دلۆڤان بەرواری گرتوویانە.**

**تێبینی: ئەم ریپۆرتاژە لە واشینتۆن پۆست فۆرین سێرڤایس لە دووشەممە ٢٠٠٨/١٢/٢٩دا بڵاوکراوەتەوە.**
**نوسینی ناوەکان بە پیت و دەستکاریکردنی وێنەکان لەلایەن هاوڵاتی یەوە کراوە.**



ئایا لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا خەتەنەکردن هەیە؟



غەدرێك کە قەرەبووناکرێتەوە



ئیتر نانی دەستی دەخورێت



بۆ پارە هەموو شتێك دەکەن